# بنەماکانی ڕێبازی کۆمەڵایەتیی درکپێکردن و پراگماتیک

**شاخەوان جەلال حاجی فەرەج[1] ، دەشتی بەهجەت محەمەد عەلی[1,2]**

[1]بەشی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان-عێراق.

[2]بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی چەرموو،چەمچەماڵ، هەرێمی کوردستان-عێراق.

**پوختە-** ئەم توێژینەویە هەوڵدەدات بنەماکانی ڕێبازی کۆمەڵایەتیی درکپێکردن بخاتەبەرباس و لیکۆڵینەوە، ئەم ڕێبازە لەکارکردندا ، بنەمایە بۆ ئەو توێژینەوانەی لە پراگماتیکی نێوان کلتورەکاندا کراوە، ئەم ڕێبازە جەختدەکاتە سەر ئەوەی، کە پراگماتیک دەبێت لێکۆڵینەوە لە سنوردارکردنی کۆمەڵایەتی و کلتوری سەبارەت بە بەکارهێنانی زمان لە خۆبگرێت، هەروەها پەیوەندییکردن لەم ڕێبازەدا کردەیەکی دینامیکییە، واتە تاک بە تەنها وابەستەی بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکان نییە ، بەڵکو لە هەمانکاتدا بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکەش پێکدەهێنێت ، ئەم ڕێبازە نەک هەر (مەبەست )لە پەیوەندیکردن و گفتوگۆدا، بەڵکو پرۆسەی دینامیکییش لەبەرچاوەدەگیرێت، کە تێیدا مەبەست دەتوانێت کاریگەری لەسەرهەڵدانی پەیوەندی و گفتوگۆدا هەبێت. هەر بۆیە دەتوانرێت بوترێت دەشێت مەبەستی تاکەکەسی ( پێشوەختە پلان بۆ داڕێژراوبێت ، یاخود تاڕادەیەک لە ناکاو و بێ پلانبێت، یان سەرهەڵداو و تایبەت بێت لە ڕەووت ،یان کاتی پەیوەندیکردندا دروست دەبێت)، کە سێ لایەنی هەمان دیاردەن، کە ڕەنگە لە خاڵە جیاوازەکانی پرۆسەی پەیوەندیکردندا جەختی جیاوازیان لەسەر بکرێتەوە، واتە کاتێک گفتوگۆیەک دەستپێدەکات، سروشتی تایبەت و پێشوەختە پلان بۆ داڕێژراوی مەبەست لەوانەیە زاڵ بێت.

**کلیلە ووشەکان-** کۆمەڵایەتیی درکپێکردن، مەبەست، نیاز، زەمینەی هاوبەش، زانیاری پێشوەختە، داڕشتنی قسەی قسەکەر، دەوروبەر.

## پێشەکی:

ناونیشـــــانی ئەم توێژینەوەیە بۆ ( بنەمـاکانی ڕێبـازی کۆمەڵایەتیی درکپێکردن) تەرخـانکراوە، شـــیکارکردنێکی نوێیە بۆ (یەکێـک لەو ڕێـبازانەی لەپراگماتیکـدا کاریتێداکراوە، توێژینەوەکە دەچێتە بواری (ســۆســـیۆپراگماتیکەوە)، کە لە بنە مادا پارێکی تێزی دکتۆرایە، بە ڕوانگە و تێگەیشـــتنێکی نوێوە خراوەتە ڕوو و شرۆڤەی بۆکراوە، بە جۆر ێک توێژینەوەکە ورد و پوخت لە بنە ماکانی ڕێبازی کۆمەڵایەتیی درکپێکردن دەکۆڵێتەوە ، بە مەبەستی گەیشتن بە ئەنجامی زانستی و ورد توێژینەوەکە بەســـەر دوو بەشی ســـەرەکیدا دابەشـــکراوە: بەشی یەکەم بۆ ( ڕێبازی کۆمەڵایەتیی درکپێکردن( چەمک و تێڕوانین) دانراوە، تیایدا (جۆرەکانی زانیاری لە ڕێبازەکەدا)، (بانگەشـــەی دامەزراندنی ڕێبازەکە)باســـکراوە، هەرچی بەشی دووەمە تایبەتە بە (بنەماکانی ڕێبازەکە)، کە خۆی لە ( نیاز (نیەت ) ، زەقبوونەوە ، زەمینەی هاوبەش، کاریگەری دەوروبەر) دەبینێتەوە.

## ١) ڕێبازی کۆمەڵایەتیی درکپێکردن(چەمک و تێڕوانین)

ڕێبازی کۆمەڵایەتیی درکپێکردن، جێگرەوەیەکە بۆ دوو هێڵی سەرەکی توێژینەوەی پراگماتیکی: پراگماتیکی زمانەوانی – فەلسەفی و پراگماتیکی کۆمەڵایەتی-فەرهەنگی-کارلێککاری، ئەوەی لەم بیرکردنەوانەدا هاوبەشە ئەوەیە، کە هەموویان لە پراگماتیکی گرایسەوە سەرچاوەیان گرتووە، بەڵام نوێنەرایەتی سێ دیدگای جیاواز دەکەن.( Horn and kecskes,2014:79)، پراگماتیکی فەلسەفی زمانەوانی هەڵدەدات لە چوارچێوەیەکی بنەمادار بە گوتنەوە لێکۆڵینەوە لە مەبەستی قسەکەر بکات، کە بەشێوەیەکی سەرەکی سەرنج دەخاتەسەر سنوردارکردنی زمانەوانی لەسەر بەکارهێنانی زمان، پراگماتیکی کارلێککاری کۆمەلایەتی-فەرهەنگی، کە لە بنەڕەتدا چوارچێوەی تیۆری سەرەکییە بۆ سۆسیۆپراگماتیک، کە جەختدەکاتە سەر ئەوەی کە پراگماتیک دەبێت، لێکۆڵینەوە لە سنوردارکردنی کۆمەڵایەتی و کلتوری سەبارەت بە بەکارهێنانی زمان لە خۆبگرێت، ئەم ڕێبازە لەلایەن (Istive kecskes ) وە پێشنیازکرا، جەختدەکاتە سەر گرنگی و ڕۆڵی بنەمای هاریکاری لە پراگماتیکدا، لەگەڵ بۆچونی درکپێکردنە خودتەوەری تاکگەرایی و تێکەڵیان دەکات لە کردەی تێگەیشتن و لێکدانەوەی مەبەستی دەربڕاوەکان، هەروەها پێیوایە ئەم دوو بنەمایە( هاریکاری و خودتەوەری ) لەهەموو کردەیەکی پەیوەندیکردندا دەردەکەون، بەڵام بە ڕادە و ڕێژەی جیاواز ، سۆسیۆپراگماتیک بەشێکی لاوەکی پراگماتیکە لە کاتێکدا ڕێبازی کۆمەڵایەتی درکپێکردن بۆ پراگماتیک جگە لە پراگماتیکی زمانەوانی – فەلسەفی و پراگماتیکی کۆمەڵایەتی-فەرهەنگی-کارلێککاری دیدگای تیۆری سێیەمە .

لەم ڕێبازەدا ( کۆمەڵایەتیی درکپێکردن) پەیوەندییکردن کردەیەکی دینامیکییە، واتە تاک بەتەنها وابەستەی بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکان نییە ، بەڵکو لە هەمانکاتدا بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکەش پێکدەهێنێت ، هەر بۆیە ئەم ڕێبازە پێیوایە گفتوگۆکەران بونەوەری کۆمەڵایەتین لە ئاوەزی تاکدا بە دوای واتا و مەبەستدا دەگەڕێن ، کە ئاوێتەیە لەگەڵ گروپێکی کۆمەڵایەتی کلتوری، ئەمەش وادەکات پرۆسەی پەیوەندیکردن و کارلێککردن و لە ئەنجامیشدا تێگەیشتن لە نێوان دوو کۆمەڵەی تایبەتمەند کە لەیەکجیاواز وەکو (زێڕنگەر و شوشەچی ...تد) ڕوودەدات، بۆنموونە وشەی ( ئەڵماس، ڕیاڵ ).

مجلة جامعة التنمية البشرية

المجلد 11، العدد 4(2025) ؛ عدد الصفحات (8)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v11n4y2025.pp1-8

ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 13 نيسان 2025؛ قُبل في 18 آيار 2025؛ نُشرت في 21 ايلول 2025؛

البريد الإلكتروني للمؤلف: shakhawan.faraj@univsul.edu.iq, dashti.bahjat@chu.edu.iq

حقوق الطبع والنشر ©2025 شاخەوان جەلال حاجی فەرەج، دەشتی بەهجەت محەمەد عەلی. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

١-١.ئەڵماس لای زێڕنگەر          جۆرە بەردێکی بەنرخە و لە بابەتی ڕازاندنەوەدا بەکاردەهێنرێت.

١-ب.ئەڵماس لای شوشەچی          ئامێرێکە بۆ بڕینی شوشە بەکاردەهێنرێت.

٢-١. ڕیاڵ لای وەرزشوانان          ناوی یانەیەکی ئیسپانییە.

٢-ب. ڕیاڵ لای نوسینگەیەکی ئاڵوگۆڕی دراو          جۆرێکی دراوە(سعودی).

کاڵپەر پێیوایە ئەم ڕیبازە(کۆمەڵایەتیی درکپێکردن) تارادەیەک لە سۆسیۆپراگماتیک جیاوازە، بەوەی سۆسیۆپراگماتیک وەک پێشتر ڕوونکرایەوە جەختی زیاتر لەسەر لایەنە کۆمەڵایەتییەکانی پراگماتیکە وەک لایەنی زمانەوانی، بەڵام ڕێبازی کۆمەڵایەتیی درکپێکردن گرنگی بەهەردوو لایەنی تاکەکەسییە کۆمەڵایەتی و معریفی ( تایبەتمەندی تاگکەرایەکان و ئەزموونی پێشوو) لەپراگماتیکدا دەدات، ئەمە جیاوازی بنەڕەتی لە نێوان ڕێبازی کۆمەڵایەتیی درکپێکردن و سۆسیۆپراگماتیکدایە، کەواتە ڕێبازی کۆمەڵایەتیی درکپێکردن تیشکدەخاتە سەر ئەوەی، کە ئەزموونی کۆمەڵایەتی تاکەکەسی ( دەرکەوتن ، خودپەرستی ، سەرنجراکێشان ) کە زۆربەی کاتەکان بە شێوەی نائاگایی پاڵنەری کردەی ئاخاوتنە، بە ئەندازەی کاریگەری ژینگەی کۆمەڵایەتی و هۆکارەکۆمەڵایەتییەکان و تەنانەت تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتییەکان، کە کارلێکەکەی تێیدا ڕوودەدات کاریگەر و گرنگە ، ئەم ڕێبازە بانگەشە دەکات کە لە کاتێکدا ئەزمونی کۆمەڵایەتی هاوکاری پراکتیزەیەکی ئاراستەکراوی مەبەستە، کە بەهۆی پەیوەندیدارییەوە بەرێوەدەچێت، هاوکات خودتەوەری تایبەتمەندییەکی سەرنجراکێشە، کە بە زەمینەسازی زاڵە، چەمکێکی نیشانەییە، کە ئاماژەیە بۆ گرنگی ڕێژەیی، یان دەرکەوتنی زانیاری و نیشانەکان، ڕێبازی کۆمەڵایەتیی درکپێکردن ئەم هۆکارانەی، کە بەرواڵەت دژایەتین ( هاوکاری و خودسەنتەریزم) بۆ ڕوونکردنەوەی بەرهەمهێنان و تێگەیشتن لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا کۆدەکاتەوە.(Karthikeyan ,2020 :595 )

## 1/1)جۆرەکانی کۆزانین لە ڕێبازی کۆمەڵایەتیی درکپێکردندا :

ڕێبازی کۆمەڵایەتیی درکپێکردن گرنگی بە سێ جۆر لە کۆزانین دەدات ، کە لە بنیاتنانی واتا و تێگەیشتندا کاریگەرییان هەیە. ئەوانیش ( کۆزانین پێشینەی بە کۆمەڵ ، کۆزانین پێشینەی تاکەکەسی ، کۆزانین هاوبەشی ڕاستەقینەی دروستکراوی باروودۆخ)، (kecskes, 2008,2020, 2014)کۆزانینی بە کۆمەڵ بوونی هەیە، بەڵام لەلایەن هەرتاکێکەوە بەشێوەیەکی جیاواز لێکدەدرێتەوە، واتە کۆزانینەکان لای هەموو ئەندامانی کۆمەڵ هەن و هاوبەشن، بەڵام هەر تاکێک بەپێی گروپە کۆمەڵاتییەکەی دەکرێت لە لێکدانەوەی واتا و مەبەستدا جیاواز بن، بۆ نموونە دەکرێت دەربڕاوێک لای ( پزیشک و فیتەر و زێڕەنگەر و میوەفرۆشێک ) واتا و مەبەستی جیاواز لەخۆبگرێت، وەک:

٣. ڕەگ

| | |
|---|---|
| ڕەگی دار | بواری کشتوکاڵ |
| ڕەگی کردار | بواری زانستی زمان |
| ڕەگی دان | بواری پزیشکیی |
| ڕەگوڕیشە | بواری کۆمەڵایەتی |

بەڕوانین لە واتاکانی وشەی ( ڕەگ ) بۆمان دەردەکەوێت، کە خەسڵەتی هاوبەش هەیە، هەموو ئەندامانی کۆمەڵ لێیتێدەگەن و درکپێدەکەن، بەڵام پێدانی واتای جیاواز بۆ دەربڕاویک لەلایەن چینە جیاوازەکانی کۆمەڵەوە پەیوەستە بە زانیاری و ڕێکەوتنی تاکەکانی پۆلێکی کۆمەڵێکی دیاریکراو لەسەر واتاپێدانی دەربڕاوێک. ئەوەی لە جێبەجێکردندا بە هاوبەشی بنیاتنراوە، بەهاوبەشی پەرەی پێدراوە، ئەزموونی کۆمەڵایەتی و بابەتی پێشوی تاک و کۆمەڵگەی قسەپێکردنی بۆ دابینکراوە، هەروەها زانیارییە کۆمەڵایەتی و ئەزموونە کۆمەڵایەتییە بنیاتنراوەکان لە خۆدەگرێت و تێدابەشدارن، هەردوولا بەیەکسانی گرنگن، واتە لایەنی پراکتیک/ جێبەجێکردن بەزەحمەت دەتوانێت کاریکات بەبێ بوونی مۆدێلی دەروونی کلتوری دیاریکراو لەپەیوەندیدا ، کە مرۆڤ بەیارمەتی ئەو مۆدێلە جێبەجێکردنێکی دیاریکراو پرۆسێس بکەن، یان بەکاریدەهێنن بۆ دروستکردنی جۆرێک لەپەیوەندیی،( Bunge, 1996:303) بۆ نموونە کاتێک ڕۆتینە سادەکان وەک (دروستکردنی قاوە ، ئامادەکردنی خواردن ) تێکەڵ بە کردەوە دەبێت، ئەوا پشت بە بوونی برێکی زۆر لە کۆزانینیی پێشوەختە دەبەستێن. ڕۆتینە کۆمەڵایەتییەکانیش ڕۆتینی ئاسایین، کە ڕەنگە گەشە بکەن و بنە نۆرم، ئەوان شێوازی هاوبەش و ئاسایین بۆ ئەنجامدانی کارەکۆمەڵایەتییەکان لە قسەکردندا، وەک شێوازی مامەڵەکردن لە نەخۆشخانەیەک ( بۆ نمونە قسەنەکردن بە دەنگی بەرز ) یان چۆنییەتی مامەڵەکردن لە کتێبخانەیەک (دەنگ بەرزنەکردنەوە ، بەکارنەهێنانی مۆبایل ، گفتوگۆنەکردن لەگەڵ کەسانی تر)، کارەکتەری کۆمەڵایەتی پەیوەندیکردن و گواستنەوەی کۆزانین نابێت یاسای کۆمەڵگەی جێبەجێکردنەکە بخاتە ناکۆکییەوە لەگەڵ ڕێبازی تاکگەرایەکان بۆ زانین، جێبەجێکردنە کۆمەڵاتییەکان بەسەر مرۆڤەکاندا تێدەپەڕن دەبن و هەستکردن بەبیرکردنەوە و هاوشێوەکانی لە تاکدا پەیدادەکەن، کۆمەڵێکیش بۆ جێبەجێکردنیان بوونیان هەیە، ئەندامانی ئەو کۆمەڵانە ڕەنگە هێشتا پراکتیکە هاوبەشەکان بەشێوەیەکی جیاواز لێکبدەنەوە، ئەمە پرسێکی سەرەکییە بۆ ئەوەی تێبگەین پەیوەندیکردن چییە؟ واتە کۆزانینی هاوبەش و بەکۆمەڵ لای تاکەکانی کۆمەڵێک بوونی هەیە، بەڵام تاکەکان لە دید و تێگەیشتنی خۆیانەوە بە شێوەیەکی جیاواز لێکیدەدەنەوە، واتە تایبەت دەکرێت، مۆدێلی کلتوری بە کۆمەڵ بەشێوەیەکی تایبەتمەند بەسەر تاکەکاندا دابەشدەکرێن. بۆ ئەوەی ئەندامان واتایەکی دیاریکراو هاوبەش بەدەستبهێنن، دەبێت کۆزانینی هاوبەشیان هەبێت،( Kecskes)پێیوایە ئەوەی لەکاتی ئاخاوتندا ( کردەی قسەیی، واتا ، مەبەست ، تێگەیشتن ) بەدەستدەهێنرێت، لە ئەزموونی کۆمەڵایەتی تاک و کۆمەڵگەی قسەکردن و کۆزانینی کۆمەڵایەتییەوە بنیاتنراوە، واتە کردەی ئاخاوتنی بەبێ بوونی مۆدێلی دەروونی کولتوری بەدەستنایەت، پشت بەبڕێکی زۆر لە کۆزانینیی پێشوەختە دەبەستێت، گەر بەشداربوانی ئاخاوتن( قسەکەر و گوێگر ) کۆزانینی هاوبەش و پێشینەیان هەبێت کردەی قسەکردن ئاسانتر ڕوودەدات و تێنەگەیشتن و تەمومژی لە واتا و مەبەستدا ڕوونادات، بەپێچەوانەوە نەبونی کۆزانینی هاوبەش ڕەنگە ببێتەهۆکاری ناڕوونی لە واتا و مەبەست و دواجار کردەی تێنەگەیشتن ڕوودەدات یاخود بۆ تێگەیشتن لە مەبەست پێوستی بە دەوروبەری ئاخاوتن دەبێت.(Istvan Kecskes,2020:592). ئەم تیۆرییە جەخت لەسەر ئاڵۆزی مۆدێلی دەروونیی کۆمەڵایەتی و تایبەت دەکاتەوە، ڕوونی دەکاتەوە، کە چۆن ئەمانە دەبێتەهۆی جیاوازی واتا و گواستنەوەی کۆزانینیەکان، هەروەها بنتاینانی واتا و تێگەیشتن لەمەشدا پشت بە کۆزانینی ئینسکلۆپیدی پێشوەختەیی و کۆزانینیی دروستکراو لە پرۆسەی کارلیککردندا دەبەستن.

## ٢/١)بانگەشەی دامەزراندنی ڕێبازەکە(کۆمەڵایەتی درکپێکردن):

ئەم ڕێبازە لەسەر بنەمای دوو بانگەشەی گرنگ دامەزراوە، کە ئەوانیش:

یەکەم/ قسەکەر و گوێگر لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا بەشدارێکی هاوبەشن ، واتە قسەکەر و گوێگر هەردووکیان هەم بەرهەمهێنەرن و هەم تێدەگەن، لەمەشدا پشت بە دەستپێداگەیشتووترین و بەرچاوترین زانیارییەکان دەبەستن چ لە بەرهەمهێنان چ لە تێگەیشتن، کەواتە ئەوان ( قسەکەر و گوێگر ) وەک هەمان کەسن و جیاواز نین، کە هەمان ئاوەز و زانست و لێهاتوییان هەیە، بەڵام ئامانج و ئەرکیان لەکاتی مامەڵەکردن وەک قسەکەر و گوێگرێک جیاوازە.

دووەم/ پەیوەندییکردن پرۆسەیەکی دینامیکییە، کە تاکەکان نەک تەنها بەهۆی بارودۆخی کۆمەڵایەتییەوە سنوردار دەکرێن و لە قاڵب دەدرێن، بەڵکو بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکەش پێکدەهێنن، کەواتە پرۆسەی پەیوەندییکردن، کە بە یاریکردنی دوو کۆمەڵەی تایبەتمەند دەناسرێت، کە لەیەکتر جیا ناکرێنەوە و پشتگیری یەکتر دەکەن و کارلێککارن:

| تایبەتمەندیی تاکەکەسی: | | تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتییەکان : |
|---|---|---|
| ئەزموونی پێشوو | | ئەزموونی ڕاستەقینەی بارودۆخی |
| پەیوەندیدار | ← | پەیوەندیداریتی |
| خودتەوەری | ← | هاوکاری |
| سەرنج | ← | نیاز |

تایبەتمەندییە تاکەکەسییەکان (ئەزموونی پێشوو خودتەوەریی سەرەکی سەرنج) لەگەڵ تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتییەکان کارلێک دەکەن (ئەزموونی دۆخی ڕاستەقینە مەبەستی هاوکاری پەیوەندیدار). هەر تایبەتمەندییەک دەرئەنجامی ئەوی ترە. ئەزموونی پێشوو دەبێتە هۆی زەقبوونەوە کە دەبێتە هۆی خودتەوەری، کە سەرنج دەباتە پێشەوە. مەبەست پراکتیکێکی ئاڕاستەکراوی هاوکارییە، کە بەپێی پەیوەندیداریتی بەرێوەدەچێت. کە (بەشێکی) پەیوەستە بە ئەزموونی ڕاستەقینەی بارودۆخەوە. لەڕێبازی کۆمەڵایەتیی درکپێکردندا ، پەیوەندییکردن بە ئەنجامی یاریکردنی نیاز و سەرنج دادەنرێت، کە بەهۆی پاشخانی کۆمەڵایەتی-فەرهەنگییەوە پاڵنەری بۆ دروستکراوە. کەواتە پاشخانی کۆمەڵایەتی بریتییە لە ژینگە( دەوروبەری دۆخی ڕاستەقینە)، کە پەیوەندییەکەی تێدا ڕوودەدات، هەروەها کۆزانینی ئینسکلۆپیدی، کە لە ئەزمووی پێشووەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەمەش بەستراوە بەو دەربڕینە زمانەوانیانەی، کە بەکاریان دەهێنین، ئەزموونی ئێستا لەو دەربڕینانەدا بەرجەستە دەبێت. کە واتا دروستدەکەن، کە لەکردەی پەیوەندییگرتندا تێکەڵبوونی دولایەنەکەی پەیوەندیکردنمان نیشاندەدەن، کە ئەوانیش:

١ -هاوکاری : دروستکردنی مەبەست، کە پەیوەندی بە چوارچێوەی ڕاستەقینەی دۆخی دیاریکراوەوە هەبێت.

٢-خودتەوەری: دیارترین زانیارییەکان چالاک دەکات لە بنیاتنانی تێگەیشتن و گوتنەکان، کەواتە ڕەگەزی سەرەکی لەم تیۆرەدا تایبەتمەندکردنە ( بەتایبەتکردن ، بە بەتایبەتیکردن )ی شتێک، بابەتیکردن ئەو پرۆسەیەیە قسەکەر دەکات بە کۆمەڵ، واتە قسەکەر ئەزموونی پێشووی ( پاشخانی زانیاری) خۆی لەگەڵ (ئەزموونی ڕاستەقینەی بارودۆخی"ئێستا" )تێکەڵدەکات، ئەمەش وادەکات کردەی تێگەیشتن ئاسان بێت.( Kecskes and zhang,2009 ،Istvan Kecskes,2021:607)

## ١/٢)بنەماکانی ڕێبازی کۆمەڵایەتیی درکپێکردن:

بنەماکانی ئەم تیۆرییە بە بۆچونی بەشێك لە زمانەوانان پەیوەندی بە (نییەت/ نیاز، زەقبونەوە ، دەوروبەر، زەمینەی هاوبەشەوە )، هەیە.

### ١/١/٢) نیازمەندیی و زەقبونەوە (Intention and salience)

هەریەکە لە نیازمەندیی و زەقبوونەوە یەکێکن لە بنەما گرنگەکانی کردەی پەیوەندیگرتن، بەجۆرێک هیچ دەربڕاوێک لە زماندا بەبێ نیازمەندیی نییە، بەڵکو نیازمەندیی لە ئاراستەکردنی گوتنێکی قسەکەر بۆ گوێگربنەماییە، هەروەها قسەکەر بە پێی نیازەکەی یەکێک لە واتاکان زەقدەکاتەوە. (Wilson and Sperber 2004: 608)

### ١/١/١/٢) جۆرەکانی نیاز

لە تیۆرەکانی پراگماتیکدا بەگشتی و لە پراگماتیکی کۆمەڵایەتیی درکپێکردندا بەتایبەتی، نیاز، یاخود نییەتی قسەکەر یەکێکە لە بنەماسەرەکییەکانی دەربڕاو و گوتن، تەنانەت زۆربەی دەربڕاوەکان لە پێناو نیازێکی دیاریکراوی قسەکەردا دەبێت، لەڕێبازی کۆمەڵایەتیی درکپێکردندا (بابەتی سەرەکی لە نێوان مەبەستی سەرەکی ئاراستەکراوی هاریکاری و سەرنجی خودتەوەری هێزی بزوێنەری سەرەکی بەرهەمهێنان و تێگەیشتنی ماناکانە، بە جۆرێک هاریکاری واتە گرنگی بە مەبەستی ئەوانی تر دەدرێت، سەرنجدانیش بە هۆی خودتەوەری تاکە کەسییەوە دەجوڵێت کە دەرئەنجامی زەقبونەوەیە، هەر بۆیە پەیوەندیی سەرکەوتوو پێویستی بە ( پەیوەندیکەران) هەیە، کە دانبەوەدا بنێن کە ڕەنگە دیدگا و تێڕوانینی ئەوانی دیکە، کە بەشداربووی ئاخاوتنن جیاوازبن لە دیدگای خۆیان، تەنانەت ڕەنگە بەجۆرێک بێت ئەوانی دیکە هەمیشە ئەزانن مەبەستی قسەکەر چییە،(keysar and henly , 2002: 12)، ئاشکرایە ڕوانگەی پراگماتیک پەیوەندی بە نیاز ( نییەت)ەوە هەیە، لە کاتێکدا ڕوانگەی درکپێکردن زیاتر پەیوەندی بە سەرنجەوە هەیە. لە تیۆرییە پراگماتیکییەکانی ئێستادا هیچ ڕوونکردنەوەیەکی ڕوون بۆ لێکدانەوەی ئەم دووانە (نیاز و زەقبونەوە) نییە، بۆ نموونە تیۆری پەیوەندیداریتی پابەندبوون (پەیوەندیداربوون) بە ڕێزگرتن لە کاریگەرییەکانی هەردوو (سەرنج و نیاز) پێناسە دەکات، بەڵام ئەم دوو کاریگەرییە جیاناکاتەوە و هەرگیز پەیوەندییەکانیان ڕوون ناکاتەوە، بۆ نموونە ئاماژە بەوەدەدەن، کە کردەیەکی وەک" هاتنەژورەوەیەک (بینینێک ، دەنگێک ، گوتنێک ) پەیوەندی بە تاکێکەوە هەیە، لە کاتێکدا پەیوەندی بە پاشخانی زانیارییەوە هەیە، کە لە بەردەستیدایە بۆ ئەوەی دەرئەنجامەکان بەدەستبهێنیت کە بۆی گرنگن (Wilson and Sperber, 2004 ; 608)، بەڵام لە ڕێبازی کۆمەڵایەتیی درکپێکردندا نەک هەر (نیاز )لە گفتوگۆدا، بەڵکو پرۆسەی دینامیکییش لەبەرچاودەگیرێت، کە تێیدا نیاز دەتوانێت کاریگەری لەسەرهەڵدانی گفتوگۆدا هەبێت. هەر بۆیە دەتوانرێت بوترێت دەشێت نیازی تاکەکەسی( پێشوەختە پلان بۆ داڕێژراوبێت ، یاخود تارادەیەک لە ناکاو بێ پلانبێت، یان سەرهەڵداو تایبەت بێت لە ڕەووت، یان کاتی پەیوەندییکردندا دروست دەبێت)، کە سێ لایەنی هەمان دیاردەن، کە ڕەنگە لە خاڵە جیاوازەکانی پرۆسەی پەیوەندیکردندا جەختی جیاوازیان لەسەر بکرێتەوە، واتە کاتێک گفتوگۆیەک دەستپێدەکات، سروشتی تایبەت و پێشوەختە پلان بۆ داڕێژراوی مەبەست لەوانەیە

زاڵ بێت، یان مەبەستێکی نائاگایی و بارگاویکراوی زەقبونەوە رووبدات، بەڵام لە ڕەوتی گفتوگۆدا ڕەنگە سروشتی سەرهەڵداو و کۆمەڵایەتی مەبەست بێتە پێشەوە، ئەم سێ لایەنەی نیاز هەمیشە بونیان هەیە، پرسیاری گەنگ ئەوەیە، کە تا چەند لەهەر سات و کاتێکی پرۆسەی پەیوەندیکردندا ئامادەن و سەرهەڵدەدن.

لە ڕێبازی کۆمەڵایەتیی درکپێکردندا نیاز لە ڕوانگەی قسەکەرەوە، شتێکە کە لە پێش گوتنەکە لەبەرچاودەگیرێت، یان شتێکە لە ناکاو سەرهەڵدەدات، بە زۆری بەشێوەی نائاگایی لە ئەنجامی کاریگەری زەق یان بەشێوەیەکی جێگرەوە، لە ڕەوتی گفتوگۆدا دروستدەکرێت یان بە هاوبەشی بنیاتدەنرێت و لە شێوەی گوتنەکاندا دەردەکەوێت، لە ڕوانگەی گوێگرەوە، نیاز شتێکە هاوکات لە گەڵ گوتنەکەدا، یان لەدوای تەواوبوونی گوتن پرۆسێس دەکرێت .

نیازی سەرهەڵدراو لە لایەن بەشداربووانەوە لە ڕەوتی داینامیکی گفتوگۆدا بەهاوبەشی بنیاتدەنرێت. هەر بۆیە دەبینین لەم ڕێبازەدا جۆری سێیەمی نیاز (نییەت)سەرهەڵدەدات، لەنێوان نیازی پێشوەختە و نیازی (لەناکاو)سەرهەڵداو، نیازی بارگراویکراوی سەرەکی،زەقبونەوە دەبێتەهۆی خودتەوەری، وادەکات سەرنج لەسەر نیاز زیاتر بێت، کە دەبێتە ئاماژەیەک بۆ ئەو سەرچاوە مەعریفیانەی لە بەردەستی قسەپێکەراندان و پرۆسەی پەیوەندیکردن دەکەنە کردارێکی هۆشیارانە، کاتێک نیاز لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا دروست دەبێت، ئەوکات سەرنجدان بە پلەی جیاواز لە قۆناغە جیاوازەکانی پرۆسەکەدا بەشدار دەبێت ، بەگشتی سێ هۆکار کاریگەرییان لەسەر گرنگی زانین و ئاسانکاری پرۆسەی سەرنجدان لە هەموو قۆناغەکانی پەیوەندیکردندا هەیە، ئەوانیش:

١-زانیاری قسەکەران لەسەر بنەمای ئەزموونی پێشوو، واتە کاتێک قسەکەر پێشتر ئەزمونی بابەتێکی کردوە، ئەوکات بەشێوەیەکی خێراتر و باشتر سەرنج دەدات.

٢-شەپۆل(frequency) ، ئاشنابوون، یان ئاسایی زانینی بەستراوە بە بارودۆخەکەوە، واتە تێگەیشتن و زانینی کۆدەکانی وتن بەستراوە بەو بارودۆخەی ئاخاوتنەکەی تێدا ئەنجامدەدرێت.

٣-باری دەروونی قسەکەران، واتە ئەوباری دەروونییەی قسەکەر تێدایەتی( ئارامی ، هەڵچوون، دوودڵی ، بێزاری...تاد) هاوکارە لە سەرنجدان.( Arundale,1999, (Mey,2001,kecskes.2008)

(بەپشت بەستن بەم سێ هۆکارە، ئەو زانیارییانەی کە زۆرترین کاریگەرییان بۆ قسەپێکەران لە دۆخێکی دیاریکراودا هەیە، ئەو زانیارییانەن، کە لە ناوەندی زانیارییەکاندا جێگیرکراون و پەیوەندییان بە دۆخی ئێستاوە هەیە، لەلایەن سەرچاوی سەرنجدانی پێویستەوە پرۆسێس دەکرێن، دیارترین زانیارییەکان لە ئەنجامی یاریکردنی ئەم سێ هۆکارە بەردەست دەبێت. دەکرێت بوترێت هەریەکە لە نیازی پێشوەختە و نیەتی سەرهەڵدراو(لەناکاو) تارادەیەک دەتوانرێت لەلایەن قسەپێکەرەوە کۆنترۆڵ بکرێن، بەڵام مەرج نییە مەبەستی بارگاویکراوی بێدەنگ بێت. زیاتر نائاگایی و ئۆتۆماتیکییە، دەتوانرێت جێگەی هەریەکە لە دوو نیازەکەی تر بگرێتەوە. مەبەستی بارگاویکراوی زەق(باو) بەو مانایەیە کە قسەپێکەران لە ژێر کاریگەری بەرچاوترین دۆخی ڕاستەقینەی دیاریکراودا دێنە مێشکیان.

### ٢/١/١/٢)گرنگیی زمانیی:

لێرەدا جەختدەکرێتە سەرئەوەی، کە چۆن زەقبوونەوە کاریگەری لەسەر بەرهەمهێنان و تێگەیشتنی زمانەوانی هەیە، جەختکردنەوەی ڕێبازی کۆمەڵایەتیی درکپێکردن لەسەر قسەکەر وەک قسەکەر-گوێگر دەبێتە هۆی بانگەشەیەک، کە بەپێی ئەو بانگەشەیە جیاوازی نێوان کاریگەری بەرچاوی نێوان نواندنەکان هەیە، کاتێک قسەکەر وەک قسەکەر کاردەکات و کاتێکیش وەک گوێگر مامەڵەدەکات(kecskes, 2008: 401)، کاتێک وشەیەک تایبەتکراوە بە دەوروبەرێک لەلایەن قسەکەرێکەوە بۆ بەرهەمهێنانی گوتنێک، دەوروبەرە تایبەتەکان (ئەزموونی پێشووی قسەکەر)، کە بە دەربڕینێکەوە بەستراوە بەشێوەی پلەبەندی (گرنگتر و گرنگترین)بەهۆی زەقکردنەوە چالاک دەکرێن. بۆقسەکەر پلەبەندی لە نێوان ناوەڕۆکەکان دەکات، کامەیان بەلایەوە گرنگە سەرەتا ئەوە هەڵدەبژێرێت و دەردەبڕێت، لە کاتێکدا بۆ گوێگر پلەبەندی لە ناو ناوەڕۆک (کە لە هەموو لێکدانەوە ئەگەرییەکانی بابەتی وشەی تایبەت)یەکەمجار لێدەدات. واتە پلەبەندی نێوان ئاستەکان لە قۆناغی یەکەمی بەرهەمهێناندا کاردەکات، کەواتە قسەکەر بە پێی مەبەستی خۆی گرنگی بە ڕیزبوونی کەرەستەکانی دەربڕوایێک دەدات، واتە بۆ گەیاندنی مەبەستەکانی یەکێک لە هەلومەرجەکانی هەڵبژاردن دێتەکایەوە بۆ هەڵبژاردنی ئەو ڕۆنانەی ، کە دەیەوێت بیرەکەی پێدەربڕێت، بە پێی مەبەستەکەی گرنگی بەکام ڕۆنان دەدات ئەوا بەوشێوەیە دەردەبڕێت، واتە قسەکەر بۆ گەیاندنی مەبەستێک ڕۆنانێک هەڵدەبژێرێت، هەرربۆیە پەسەندکردنی ئەو ڕۆنانە مەبەستی قسەکەری لەپشتەوەیە، ئەم هەڵبژاردنە بەئاگاییانە یان نائاگاییانە دەڕوات، ئەم دەربڕینانە پلەبەندییەک پێکدەهێنن لە باشترین گونجانەوە تا ئەوانەی کەمتر گونجاون لەگەڵ ئەو بیرۆکەیەی، کە هەوڵی دەربڕینی دەدات، بۆ نموونە: کاتێک دوو هاوڕێ بەیەکەوە دانیشوون، یەکێکیان پێویستە بڕوات، ئەوا چەندین هەلومەرجی هەڵبژاردن دێتە پێشەوە، بۆ گەیاندنی هەمان مەبەست، لەوانە ( کاتی ڕۆیشتنە ، دەبێت بڕۆم ، دەبێت ئێستا بچم ، دەرەنگ کەوتم ،کات درەنگە...تاد)، ئەمانە لە هەموو هەڵبژاردنە ئەگەرییەکاندا، یەکەمجار دێتە مێشکی قسەکەرەوە.

### ٣/١/١/٢)دارشتنی ئاخاوتنی قسەکەر:

لێکدانەوەی وەرگر بە پێی تیۆرییە پراگماتیکیەکانی ئێستا و لە شیکاری گفتوگۆدا، بە پێی ئەو مۆدێلە قسەکەر مۆدێلێک لە زانیاریی بیسەر دروستدەکات، کە پەیوەندیی بە چوارچێوەی بارودۆخی دیاریکراوەوە هەیە، پێدەچێت پەیوەندی ڕۆژانە تێکەڵەیەک بێت لە قسەی هۆشیارانەی داڕێژراو بە نائاگایی و ئۆتۆماتیکی و تایبەت دروستکراو، ڕێبازی مەعریفی تەواو دروست نابێت،کاتێک بانگەشەی ئەوە دەکات، کە پلاندانانی سەرەتایی قسەکردنەکان خاڵە هاوبەشەکان پشتگوێ دەخات، تەنیا کاتێک دەگونجێت بۆ بیسەر، کە پێویستیان بە دەستکاریکردن هەبێت (Horton and keysar, 1996: (keysar et al,1998:91-117)، بەپێی ئەم ڕێبازە پلاندانانی وشیارانە و فۆرمەلەکردنی نائاگایی لە بەریەککەوتنە پەیوەندیدارەکاندا هەیە، گونجاندنی وشەکان لە چوارچێوەی دۆخی ڕاستەقینەدا قسەکەران نەک تەنها بەهۆی ئەو مەبەستە کە بیسەر دەیناسێتەوە، کەمەبەست لێی قسەکەرەکەیە، بەڵکو بە هۆی زەقێتی تاکەکەسی قسەکەرەوە کە کاریگەری لەسەر بەرهەمهێنان هەیە بەشێوەیەکی نائاگایی، بەڵام ئەم دوو هۆکارە تارادەیەکی جیاواز کاریگەرییان لەسەر پرۆسەی پەیوەندییکردن هەیە، یاریکردن ئەم هۆکارە کۆمەڵایەتییانە (لێکدانەوەی بیسەر) و تاکەکەسی (سەرنج) پرۆسەی پەیوەندیکردن لە قاڵب دەدات.

### ٢/١/٢) زەمینەی هاوبەش:(Common Ground)

زەمینەی هاوبەش ئاماژەیە بۆ "کۆی هەموو ئەو زانیارییانەی کە خەڵک وا گریمانە دەکەن هاوبەشن(Clark 2009: 116) ، زەمینەی هاوبەش دەکرێت ( جیهانبینی ،

بەها هاوبەشەکان ، بیروباوەڕەکان ، چوارچێوەی بارودۆخ) لەخۆبگرێت سەرکەوتنی پەیوەندی لە زمانە سروشتییەکان ، بە هۆی تێگەیشتنی هاوبەشی بەشداربووانەوەیە، لە بارودۆخی دەوروبەری پەیوەندییەکە، بەڵام ڕێبازی کۆمەڵایەتیی درکپێکردن توخمێکی نوێ دەخاتە ناو تێگەیشتنەکانەوە، ئەویش (زەمینە هاوبەشە سەرهەڵداوەکان)ە، لەم تیۆرەدا زەمینەی هاوبەش ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە چوارچێوەی پێشووەوە هەیە، (زەمینەی هاوبەشی سەرەکی) زەمینەی هاوبەشی ڕاستەقینە(زەمینەی هاوبەشی سەرهەڵدراو)، لێرەدا پرسیارێک سەرهەڵدەدات، پرسیارەکە ئەوەیە کە چەند لەم خاڵە هاوبەشانە لە ئەنجامی ئەزموونی پێشووەوە سەرهەڵدەدات، چەندیش لە ئەزموونی ڕاستەقینەی بارودۆخەوە گەشەدەکات و سەرهەڵدەدات.

قسەکەران زەمینەی هاوبەش لە (گفتوگۆکانی ڕابردوو، دەوروبەری ئاخاوتن ، پاشخان و ئەزموونی کلتوری هاوبەشیانەوە) دەردەخەن، ئەم ڕێبازە جیاوازی لە نێوان سێ پێکهاتەی زەمینەی هاوبەشدا دەکات، (Clark et al, 1983 : 246).

١-کۆزانین، کە بەشداربووان هاوبەشی دەکەن .

٢-تێگەیشتن لە چوارچێوەی بارودۆخ و پەیوەندییەکانی نێوان بەشداربووان پەیدادەبێت.

٣-کۆزانین دەربارەی یەکتر(قسەکەر و گوێگر) متمانە و ئەزموونی هاوبەشیان، کە لە کارلێکی نێوانیان سەرهەڵدەدات.

زەمینەی هاوشێوەی پێشوو، ئەزموونی پێشوو و تێگەیشتنێکی هاوشێوە لە چوارچێوەی ڕاستەقینەی دۆخەکە دروستدەکات، زەمینە گرنگە، بەڵام نابێتە هۆی یەکسانکردنی دەوروبەری سەرەکی، زانیاری تایبەت بەخۆی هەیە، قسەکەران لە دۆخێکی دیاریکراودا تێدەگەن. کلارک و هاوکارانی زەمینەی هاوبەشیان بەمجۆرە ناساندووە" قسەکەر قسەکانی بەشێوەیەک دەردەبڕێت، کە هاوکارێکی باشە لەوەی گوێگر لەسەر بنەمای قسەکە و لەگەڵ باقی خاڵەهاوبەشەکانیان لە گەڵ قسەکەر ، دەتوانن درکبکەن کە مەبەستی چیبوە، (Clark et al 1983: 246 ئەمەش بەو واتایەی، کە قسەکەر زەمینەی هاوبەشی نێوان قسەکەر گریمانە دەکات یان دەخەملێنێت. و بیسەر لەگەڵ ڕێزگرتن لە گوتنەکە، زەمینەی هاوبەشی پێشبینیکراو لە ڕوانگەی قسەکەرەوە لەسەر بنەمای هەڵسەنگاندنی لێهاتووی بیسەرە بۆ تێگەیشتن لە گوتنەکە، خاڵە هاوبەشەکان وادەکات کە قسەکەران لە زماندا ئابوری بن.

بەمەبەستی بەرجەستەکردنی ئەم تێڕوانینە با بڕوانینە ئەم نموونانە:

٤. گوڵە بەر ڕۆژەک　　　گوڵەبەر ڕۆژە.

٥. سەعید　　　سەعە

٦. قەڵەمەکەی من　　　قەڵەمەکەم

٧. ئەم منداڵە جوانە　　　ئەمە جوانە.

٨. یا گۆڤارەکە بۆ تارا دەهێنێت یا ڕۆژنامەکە00000

٩. نمەک سوێر　　　واتە بەختی نیبە لای خەڵکی و چاکە دەکات، بەڵام پێی نازانن و کەس چاکەکەی ناداتەوە و بە خراپە بەسەریدا دەشکێتەوە.(دەرون عبدالرحمن، ٢٠١٢: ٩٩)

بەڕوانین لە هەریەک لەنموونەکانی (٤-٩) بۆمان دەردەکەوێت لەسەر بنەمای هاوبەشی نێوان قسەکەر و گوێگر ، ئابوریکردن لە دەربڕاوەکاندا کراوە، واتە زانیاری هاوبەش وادەکات، کە قسەکەر لەهەر بەشێک لە دەربڕاوەکانیدا جۆرێک لە ئابوریکردن بەکاربهێنیت ، ئەم ئابوریکردنە تێنەگەیشتن ناهێنێتە ئاراوە، چونکە بنەماکەی زانیاریی هاوبەشە.

ئەو توێژینەوانەی لە پراگماتیکی نێوان کلتورەکاندا کراوە (e.g. Kecskes 2014, 2019;liu and you2019; carcia-Gomz2020) و بە بەکارهێنانی ڕێبازی کۆمەڵایەتی درکپێکردن (e.g. Mildorf 2013; Macagno and Capone 2017; Macagno 2018) لەگەڵ جەختکردنەوە لەسەر زەمینەی هاوبەشی سەرهەڵداو سەرەنج ڕادەکێشن، تا ئەو ڕاستییەی کە تیۆرە پراگماتیکییەکانی ئێستا( بۆ نموونە ستالناکەر ٢٠٠٢، کلارک و برێنان ١٩٩١، کلارک ١٩٩٦)ڕەنگە نەتوانن بەهەموو ئالۆزییەکانییەوە پەسنی خاڵە هاوبەشەکان بکەن، چونکە بە زۆری زۆربەی خاڵە هاوبەشەکان بە ئەنجامی ئەزموونی پێشوو دەزانن و کەمتر گرنگی بەلایەنی خاڵە هاوبەشەکان دەدەن، هەروەها لێکۆڵینەوە درکپێکردنەکانی ئێستا (e.g. Barrand kaysar2005;Colston and katz2005) ڕەنگە ڕەفتاری بە زیادە خەملاند بێت و قسەیان لەسەر تایبەتمەندیی سەرهەڵدانی دینامیکی زەمینەی هاوبەش کردبێت، لە هەمان کاتدا گرنگیی هاوکاری لە پرۆسەی پەیوەندیی زارەکی و لایەنی پێشووی بنەمای ئەزموونی زەمینەی هاوبەشدا بێبەهاکردووە. بەڵام ڕێبازی کۆمەڵایەتیی درکپێکردن هەوڵدەدات ئەم ململانێیە نەهێڵێت و پێشنیازی ئەوە دەکات کە ئەم دوو بۆچوونە کۆبکاتەوە بۆ چەمکێکی یەکگرتووی زەمینەی هاوبەش، کە تێیدا هەردوو زەمینەی هاوبەشی سەرەکی (زانینی هاوبەشی گریمانەکراو ، نوێنەرایەتییەکی دەروونی پێشوەختە) و زەمینەی هاوبەشی سەرهەڵداو(سەچاوەی بەشداربووی سەرهەڵداو، سەرهەڵدانی دوا هۆکار لەڕێگەی بەکارهێنانەوە) کۆدەبنەوە بۆ بنیاتنانی پاشخانی کۆمەڵایەتی- فەرهەنگی بۆ پەیوەندیکردن.

هەردوو لایەنی ( درکپێکردن و پراگماتیک ) دەبنە ناوەندی خاڵە هاوبەشەکان، لە کاتێکدا کە سەرنجدان ( لە ڕێگەی زەقبونەوە، کە هۆکاری خودتەوەری قسەکەرانە) ڕوونی دەکاتەوە، کە بۆچی خاوەندارێتیی سەرهەڵدراوو سەرهەڵدەدات، مەبەستیش ( لە ڕێگەی پەیوەندیدارییەوە، کە لە هاوکاریدا دەردەکەوێت)، ڕوونی دەکاتەوە، کە بۆچی زانیاریی هاوبەشی گریمانەکراو پێویستە، لەسەر ئەم بنەمای ئەم شێوازە بیرکردنەوەیە لە ڕێبازی کۆمەڵایەتیی درکپێکردندا زەمینەی هاوبەش وەک هەوڵێک هەستپێیدەکرێت، بۆ تێکەڵکردنی نوێنەرایەتیی دەروونی زانیاریی هاوبەش، زانیاریی هاوبەش دەتوانین دروست بکەین لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا. کەواتە زەمینەی هاوبەشی سەرەکی وەک زەقبوونەوەی بە کۆمەڵ، وەک بنەمایەکی زانیاری دەتوانرێت گریمانە بکرێت لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگەی قسەکردندا کە هاوبەش و سەربەخۆیە، لە بارودۆخی وەک کەی و لە کوێ لە نێوان کێدا گفتوگۆکان ڕوودەدات، لەبەرانبەردا زەمینەی هاوبەشی سەرهەڵداو وەک لایەنێکی هاوبەش لە چوارچێوەیەکی بارودۆخی تایبەتدا سەرهەڵدەدات، کە تەنیا پەیوەندی بە قسەکەرانەوە هەیە، ئەم بارودۆخە ڕووداوییە سەرنجی قسەکەران بۆ هەمان بوون ڕادەکێشێت، زەمینەی هاوبەشی سەرەکی لە دوو ڕووەوە گریمانەیەکی گشتییە( Karthikeyan ,2020: 609, kecskes,2008)

یەکەم: هەرچەندە خاڵە هاوبەشە سەرەکییەکان تاڕادەیەک جێگیرن و لەنێوان خەڵکیدا هاوبەشن، بەڵام بە زۆری لە ماوەیەکی دیاریکراودا بە شێوەیەکی دیاکرۆنی دەگۆڕرێت، ڕەنگە قسەکەران دەستیان بە زانیارییەکی باوی تاڕادەیەک هاوشێوە بگات، چونکە پێکهاتەی زەمینەی هاوبەشی سەرەکی لە کۆمەڵگەیەکی قسەکردنی دیاریکراودا گۆڕانکاری گەورەیان بەسەردا نایات، بەڵام لە ماوەیەکی درێژخایەندا هەندێک گۆڕانکاری بەخۆیەوە دەبینێت، لە ئەنجامدا خاڵە هاوبەشە سەرەکییەکانیشیان دەگۆڕێت، بۆ نموونە:

١٠.کاتێک کەسێک دەیەوێت کتێبێک، بۆ هاوڕێکەی بنێرێت، دەڵێت بە شێوەی چاپ، یانpdf ؟، بەشێک لەو خاڵە هاوبەشە سەرەکییەی کە زاراوەی چاپ، یان pdfئاماژەی پێدەکەن پێویست بە هیچ قسەیەکی تر ناکات. بەڵام (٣٠) ساڵ لەمەوبەر ئەو گفتوگۆیە زۆر مانای نەدەبوو، بەو پێیەی نوسراو بەشێوەی کۆمپیوتەری و بەتایبەتتر لەبەرنامەی pdf وەک بەشێک لە خاڵە هاوبەشەسەرەکییەکان بوونی نەبوو.

١١.کاتێک دەتەوێت پارە بۆ کەسێک بنێریت یان لە فرۆشگایەک پارە بدەیت ، بە کەسەکە دەڵێیت بە (کاغەز یان کارت)؟ بەشێک لەو خاڵە هاوبەشە سەرەکییەی کە زاراوەی (کاغەز یان کارت) ئاماژەی پێدەکەن پێویست بە هیچ قسەیەکی تر ناکات. بەڵام چەند ساڵ لەمەوبەر ئەو گفتوگۆیە زۆر مانای نەدەبوو، بەو پێیەی کارتی بانیکی و بانک وەک بەشێک لە خاڵە هاوبەشەسەرەکییەکان بوونی نەبوو.

دووەم:ڕەنگە خاڵە هاوبەشە سەرەکییەکان لەنێوان گروپە جیاوازەکانی تاکەکانی ناو کۆمەڵگەیەکی قسەکردندا جیاواز بن، جۆرەکانی زانیاری هاوبەش لەوانەیە بەهۆکاری جیاوازی وەک (جوگرافی ، شێوازی ژیان ، هۆکاری پەروەردەیی ، دارایی ، ڕەگەزی...تاد) دیاریبکرێت، ئەم ڕاستییە ڕەنگە دەستپێیداگەیشتن بە هەندێک لە توخمەکانی خاڵە هاوبەشە سەرەکییەکان بۆ گروپە تایبەتەکان تەنیا لەناو ئەو کۆمەڵگە قسەکردنەدا سنورداربکات.

زەمینەی هاوبەشی سەرهەڵدراو گریمانەییەو بەو پێیەی پەیوەستە بە چوارچێوەی ڕاستەقینەی بارودۆخەوە، کە ڕەنگدانەوەی گۆڕانکارییە هاوکاتەکانە لە نێوان بنەما هاوبەشەکان لە دۆخە جیاوازەکاندا، هەروەها زەمینەی هاوبەشی سەرهەڵدراو تەنیا زانیاری هاوبەشی نوێ نییە، کە لە ڕەوت و کاتی پەیوەندیدکردندا دروستدەبێت، بەڵکو بەکارهێنان و دەستکاریکردنی زانیاری یان ئەزموونی پێشوی هاوبەشیشە، پەیوەندییەکی ناوەکی لە نێوان زەمینەی هاوبەشی ناوەکی و زەمینەی هاوبەشی سەرهەڵداودا هەیە، بەشە سەرەکییەکە ڕەنگە کاریگەری لەسەر بەشە سەرهەڵدراوەکە هەبێت، بەو پێیەی کە بەشێک لەڕووداوی زەمینەی هاوبەشی سەرهەڵدراوو سنوردار دەکات، لە زۆربەی بارەکاندا بەشە سەرهەڵداوەکە ڕەنگە بەشێکی لە نموونەی زانیارییەکانەوە سەرچاوە بگرێت، لەلایەکی دیکەشەوە بەشە سەرهەڵدراوەکە ڕەنگە لە بەشە سەرەکییەکەدا بەشدار بێت ، چونکە بەشە سەرهەڵداووەکەی ڕەنگە بەشێکی سەرەکی و مەیلی گشتیبوونی بەسەر بەشە سەرەکییەکەدا هەبێت، واتە زاڵبێت بەسەر بەشە سەرەکییەکەدا و جێگەی بگرێتەوە، بەواتایەکی تر، زەمینەی هاوبەشی ناوەکی و زەمینەی هاوبەشی سەرهەڵداوو بریتین لە دوو پێکهاتەی جیاوازی زەمینەی هاوبەشی گریمانەکراو ، کە بەیەکەوە گرێدراون و لەیەکتر جیانابنەوە Kecskes and ).
zhang2009:55-311 لەم ڕێبازەدا سێ ڕێگەی جیاواز هەیە، کە نیاز(نییەت) و سەرنج کاریگەری لەسەر بنیاتنانی زەمینەی هاوبەش لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا هەیە.
یەکەم: کاتێک قسەکەر لایەنی دەروونی زانیارییە هاوبەشەکان چالاک دەکەن.

**١٢. قسەکەر: دوێنێ کابرات باش بەنج کرد.**

گوێگر: زۆر باشیش

لێرە لە قسەکەر و گوێگر زانیاری هاوبەشیان دەربارەی (کابرا) هەیە ، کە کەسێکی دیاریکراوە و هەردووکیان دەیناسن.

دووەم: ڕێگەی بنیاتنانی زەمینەی هاوبەش ئەوەیە، کە قسەکەران بەدوای زانیاریدا دەگەڕێن، کە بە ئەگەرێکی زۆرەوە پەیوەندیکردنەکە ئاسان دەکەن، پێش ئەوەی قسەکەر هەوڵی گەڕانەوە بدات، ئەو پارچەزانیارییەی لە بیسەردا وەک پاشخان بنەمای گفتوگۆی داهاتوو هەیە.

١٣. قسەکەر: مامۆستا ئاوات لەبەر ئەو بابەتە بەشداری نەکرد.

گوێگر:بەڵێ وایە.

١٤. قسەکەر: شیرین لەبەر ئەو هۆکارە بەشداری تاقیکردنەوەی نەکرد .

گوێگر: بە داخەوە.

لێرەدا قسەکەر ئەو زانیارییە هاوبەشی لە نێوان خۆی گوێگردا هەیە و هەردووکیان پێی دەزانن، کردویەتی بنەمای پەیوەندییەکەیان.

سێیەم: بەشدارییکردن لە خاڵە هاوبەشەکاندا کاتێکە کە وتارێژ زانیاری تایبەتی خۆی دەهێنێتە ناوەوە و دەیکاتە بەشێک لە پەیوەندییکردنەکە، واتە قسەکەر هەندێک زانیاری تایبەت بەخۆی هەیە، کە دەزانێت گوێگر دەستی پێناگات، ئەو وەک خاڵی هاوبەش بەو باوەڕەی گفتوگۆکە ئاسان دەکات و گوێگر قبوڵی دەکات.

١٥. قسەکەر: سبەی دەتوانی لەگەڵم بێیت بۆ نان خواردن.

گوێگر: ببورن، ناتوانم پێویستم بە مۆڵەت وەرگرتن لە باوکم هەیە.

لێرەدا قسەکەر هاوڕێی گوێگرە، بەڵام زانیاری لەبارەی ئەندامانی خێزانەکەیەوە نییە، گوێگر بەو دەربڕینە دەیەوێت بڵێت، کە باوکی هەیە و مۆڵەتی ئەوی دەوێت بۆ نانخواردن. ئەمە بابەتی تایبەتی گوێگر بوو، بەڵام دۆخەکە وایکرد، کە ئەم زانیارییە تایبەتە بکرێتە بەشێک لە خاڵە هاوبەشەکان (سەرچاوەی پێشوو).

### ٣/١/٢) کاریگەری دەوروبەر لەسەر واتا ( Contextual Efects on Meaning)

دەوروبەر بەزۆری ئاماژە بە چوارچێوەی دۆخی ڕاستەقینەی نیشانە زمانەوانییەکان یان گوتن دەکەن، (Goodwin and Duranti ,1992: 28)، ئاماژەیان بەوە کردووە، کە لە واتاسازی ، زمانەوانی ، کۆمەڵناسی ، مرۆڤناسیدا، بە زۆری دەوروبەر ئاماژەیە بۆ ئەو شتانە، یان بوونانە، کە ڕووداوێکی جەختلێکراویان دەورەداوە، کەواتە دەوروبەر بریتییە لە " چوارچێوەیەک کە دەوری ڕووداوەکە دەدات و سەرچاوە بۆ لێکدانەوە گونجاوەکە دابین دەکات. یاخود دەوروبەر " بریتییە لەو ئەو ژینگە فیزیکییانەی وشە تێیدا بەکاردەهێنرێت(GeorgeYule ,1996: 128 ) ."، زۆربەی پێناسەکان پابەندن بە چوارچێوەدان بە دەوروبەر وەک پاشخانی بارودۆخی ڕاستەقینە Leech. ئاماژە بەوەدەدا، کە دەوروبەر ئاماژەیە بۆ " هەر زانیارییەکی پاشخان، کە گریمانە دەکرێت لە لایەن قسەکەر و بیسەرەوە هاوبەش بێت و کامیان بەشدارە لە لێکدانەوەی ئەوەی کە قسەکەر بە گوتەیەکی دیاریکراو مەبەستی چییە "(leech, 1983: 13) ، بەڵام ئەمە تەنها لایەنێکی دەوروبەرە، kecskesئاماژە بەو دیوەی دەوروبەر دەدات" دەوروبەی دۆخی ڕاستەقینە"، کە هۆکاری زمانی و دەرەوەی زمانی( نازمانی) لە چوارچێوەی بارودۆخی دیاریکراودا تێکەڵدەکات(kecskes, 2008: 2014: 385)، ئەم پێناسەیە تەنها ئاماژە بە دەوروبەی دۆخی ڕاستەقینە دەکات و هیچ لەبارەی (دەوروبەی پێشوو) باس ناکات، کە چەمکێکی گرنگە لە ڕێبازی کۆمەڵایەتیی درکپێکردندا.

ئەم ڕێبازە بانگەشەی ئەوە دەکات، کە دەوروبەر بنیاتێکی دینامیکییە، کە بە فۆرمی جیاواز لە بەکارهێنانی زماندا هەم وەک کۆگایەک و هەم وەک یارمەتیدەری زانین دەردەکەوێت. زۆرێک لە زمانەوانەکان پێیانوایە، کە بنیاتی واتا بە پلەی یەکەم وابەستەی ئەو شتەیە، کە پێی دەڵێن دەوروبەری دۆخی ڕاستەقینە، بەڵام ڕێبازی کۆمەڵایەتیی درکپێکردن ئاماژە بەوە دەکات، کە واتای دەربڕینە زمانەوانییەکان دەوروبەری پێشوو تیایدا ، ڕۆڵی گرنگتر لە بنیاتنانی واتا و تێگەیشتن زیاتر لە دەوروبەری دۆخی ڕاستەقینە دەگێڕن ، ئەوەی ئەم ڕێبازە هەوڵی بۆدەدات ئەوەیە ، کە ناسینی تاک و ناسینی

جێگرەوەکان کۆبکاتەوە. ئەم بۆچوونە گرنگی پاشخان و لایەنگری تاک، کە زۆرجار (بەهۆی زەمینەکانی پێشوو، ئەزموونی پێشووەوە)پشتگیری دەکرێت، لە پرۆسێسی زانیاریدا دەناسێنێت( Finkelstein et al, 2008 :32)،. هەروەها پێیوایە ئەو دەوروبەرەی، کە تاکەکان تێیدا دەردەکەون ئەوەندە بەهێزە، کە دەتوانێت سەرنج ئاراستەبکات و لێکدانەوەی واتا و مەبەستیش لە قاڵب بدات ,Elsbach et al. ( 2005, 33-422)، بە واتایەکی تر ئەو دەوروبەرەی، کە تاک تێدا دەردەکەوێت کاریگەری گەورەی لەسەر ئەو شتانە هەیە، کە تێبینی دەکەن و لێکیدەدەوە و هەروەها ئەو کردارانەی کە ئەنجامی دەدەن.

لەسەر ئەم بنەمایەرێبازی کۆمەڵایەتیی درکپێکردن جەخت لە سەر دوو جۆری دەوروبەر دەکاتەوە:

١-دەوروبەری پێشوو: ئاماژەیە بۆ هەرزانیارییەکی پاشخان، کە لەلایەن قسەکەر و بیسەرەوە هاوبەش بن، یاخود کۆگایەکی ئەزموونە تاکەکانە، یان زانیارییەکان لە بەریەککەوتنێکی پەیوەندیداردا ڕەچاودەکات.

١٦.خانوە نوێیەکەی ئازادم بینی.

لەم نموونەیەدا قسەکەر زانیاری پێشنەی هەیە، کە ئازاد خانوویەکی دیکەی هەیە، باری دارایی باشە.

٢-دەوروبەری دۆخی ڕاستەقینەنە: ئەو جۆرەی دەوروبەرە ، کە هۆکاری زمانی و نازمانی لە لێکدانەوەی واتا وتێگەیشتندا بەهەند وەردەگرێت. یاخود دەروبەری دۆخی ڕاستەقینەی بارودۆخی شتەکان زانیاری پەیوەندیدار دەکات، ئەزموونەکەمان لە ڕێگەی دۆخە دووبارەبووەکان و هاوشێوەکانەوە پەرەی پێدەدرێت. دەتوانرێت دەوروبەی ستاندارد (پێش دووبارەبوونەوە) وەک دۆخێکی ڕێکو پێک پێناسەبکرێت. کە ئێمە ئەزموونی دوبارەمان لەگەڵیدا کردووە، دەتوانین پێشبینی بکەین چی ڕوودەدات یان نا، بۆ تێگەیشتن و پێشبینیکردنی چۆنیەتی کارکردنی جیهانی دەوروبەرمان پشتپێیدەبەستین.

Gumperz دەڵێت" گوتنەکان بە جۆرێک لە جۆرەکان دەوروبەری خۆیان لەگەڵ خۆیان هەڵدەگرن، یان دەوروبەرێک بنیاتدەنێن" (Gumperz, 1982: 138). هەروەها Levinson ، بە پاساوهێنانەوە بۆ بۆچوونەکەی گامپەرز، بانگەشەی ئەوەیکرد، کە نیاز بەرامبەر دژایەتی دەوروبەر چەواشەکارانەیە، چونکە مەبەستەکە دەتوانێت لەگەڵ خۆیدا هەڵبگرێت، یان پێشبینی دەوروبەر بکات ،بەمەش ڕەنگە لە ڕێگەی دەوروبەری دووبارەبوەوە ڕۆڵی دەوروبەری دۆخی ڕاستەقینە هەڵبوەشێنێتەوە.(Levinson, S. C. ,2003 : 27)). کەواتە دەوروبەر نوێنەرایەتی دوو لایەنی زانینی جیهانی دەکات، یەکێکیان کە پێشتر کۆدکراوە بە هێزێکی جیاواز لە مێشکماندا( دەوروبەری پێشوو ) وەک زانینی ڕاگەیاندن و ئەوی دیکەیان( دەوروبەری دۆخی ڕاستەقینە) کە لە دەرەوەیە لە جیهاندا کە لە ڕووداوە گفتوگۆیە جێگیرەکاندا ڕوودەدات( بڕوانە Kecskes : 2008)، ئەم دوو دیوەی کۆزانینی دنیایی تێکەڵ بەیەکبوون و لەیەکتر جیاناکرێنەوە، دەوروبەری دۆخی ڕاستەقینە لە ڕێگەی دەوروبەری پێشوو سەریردەکرێت و بە پێچەوانەشەوە هەر ڕاستە، کاتێک پەیوەندیی دەکرێت بەرکەوتنیان تێکەڵەیەکی ناوازەی زانین دروستدەکات، کە یارمەتیدەرە لە لێکدانەوەی نیشانە و گوتنە زمانەوانییەکان، بە پێی ئەم ڕێبازە واتا و تێگەیشتن لە واتا و مەبەست دەرئەنجامی پەیوەندیی نێوان ئەزموونی پێشوو ، ئەزموونی بارودۆخی ئێستا و ئەزموونی دۆخی ڕاستەقینەیە، ئەزمووی پێشوو کە دەبێتە زانیاری ڕاگەیاندن بەستراوەتەوە بە مانای وشەیەک، کە کردەی دەربڕین پێکدەهێنن و لەلایەن قسەکەرەوە بەرهەمدەهێنرێن، لە کاتێکدا ئەزموونی ئێستا بە چوارچێوەی ڕاستەقینەی بارودۆخییەوە بەستراوە و نوێنەرایەتی دەکرێت، کە پەیوەندیکردنی تێدا ڕوودەدات و لەلایەن قسەکەرانەوە لێکدەدرێتەوە، ئەو واتایەی بەشێوەیەکی فەرمی لە گوتنەکەدا دەربڕاوە، لە ئەنجامی کارلێککردن و کاریگەری هاوبەشی ئەو دەوروبەرە تایبەتانەی لەزمانی قسەکەران نوێنەرایەتی دەکرێن و ئەو زەمینە بارودۆخییە ڕاستەقینەیەی، کە لە لایەن قسەکەرانەوە لێکدەدرێنەوە.

## ئەنجامەکان

١- لە ڕێبازی کۆمەڵایەتیی درکپێکردندا سێ جۆر کۆزانین پۆلێنکراوە، ئەوانیش (زانیاری پێشینەی بە کۆمەڵ ، زانیاری پێشینەی تاکەکەسی ، زانیاری هاوبەشی ڕاستەقینەی دروستکراوی بارودۆخ).

٢- دەگەینە ئەو ئەنجامەی ئەوە کۆزانینییە هاوبەشەی لە نێوان (قسەکەر و گوێگر)دا هەیە، هاوکار دەبێت لە کردەی ئابوریکردن لە زماندا، خودی ئابوریکردنیش بە کاربردنی کەمترین کەرەستەی زمانییە بۆ گەیاندنی مەبەست.

٣-ڕێبازی کۆمەڵایەتیی درکپێکردن گرنگی بە دوو لایەنی تاکەکەسیی کۆمەڵایەتی و درکپێکردن ( تایبەتمەندی تاگکەرایەکان و ئەزموونی پێشوو) لەپراگماتیکدا دەدات.

٤- ئەم ڕێبازە بانگەشەی ئەوە دەکات، خودسەنتەری تاکەکەسی بەشێکە لە ئاوەزمەندیی مرۆڤ ، هەروەک چۆن هاوکاری لەسەربنەمای کۆمەڵایەتییە. هەم هۆکاری کۆمەڵایەتی و هەم فاکتەری تاکە کەسی لە پەیوەندیکردندا لەبەرچاو دەگیرێت.

٥-ئەم ڕێبازە زەمینەی هاوبەش بە هۆکاری پەیوەندیکردن دەزانێت، کە هۆکارە گرنگەکانی دیکە (نیەت ، زەقبونەوە ، دەوروبەر)بەیەکەوە گرێدەدات.

٦- ڕێبازەکە بانگەشەی ئەوە دەکات، کە دەوروبەر بنیاتێکی داینامیکییە، کە بە فۆرمی جیاواز لە بەکارهێنانی زماندا هەم وەک کۆگایەک و هەم وەک یارمەتیدەری زانین دەردەکەوێت.

## سەرچاوەکان

Istvan Kecskes, Sociocognitive Pragmatics, Comp. by: Karthikeyan Stage: Proof Chapter No.: 28 Title Name: HaughetalDate:1/12/2020-2008-2014, Time:09:10:32 Page Number: 592.

Clark, H. H. (2009). Context and common ground. In J. L. Mey, ed, ConciseEncyclopedia of Pragmatics. Oxford: Elsevier, pp. 116–19.

Clark, H. H., Schreuder, R. and Buttrick, S. (1983). Common ground and theunderstanding of demonstrative reference. Journal of Verbal Learning andVerbal Behavior, 22, 245–58.

Finkelstein, S., Hambrick, D. C. and Cannella, B. (2008). Strategic Leadership:Theory and Research on Executives, Top Management Teams, and Boards.Oxford: Oxford University Press.

5-García-Gómez, A. (2020). Intercultural and interpersonal communicationfailures: Analyzing hostile interactions among British and Spanish university students on WhatsApp. Intercultural Pragmatics, 17(1), 27–53.

6-Gumperz, J. (1982). Discourse Strategies. Cambridge: Cambridge UniversityPress.

7-Horton, W. S. and Keysar, B. (1996). When do speakers take into accountcommon ground? Cognition, 59, 91–117.

8-Horn, L. and Kecskes. I. (2013). Pragmatics, discourse and cognition. In

A. Stephen, R. J. Moeschler and F. Reboul, eds., The Language-Cognition Interface. Geneva: Librairie Droz, pp. 353–75.

9-Keysar, B., Barr, D. and Horton, W. (1998). The egocentric basis of languageuse: Insights from a processing approach. Current Directions in PsychologicalScience, 7(2), 46–50.

10-Keysar, B. and Henly, A. (2002). Speakers' overestimation of their effectiveoness. Psychological Science, 13, 207–12.

11-Kecskes, I. (2008). Dueling contexts: A dynamic model of meaning. Journal of Pragmatics, 40(3), 385–406.

12-Kecskes, I. (2014). Intercultural Pragmatics. Oxford: Oxford University Press.

13-Kecskes, I. (2019). Impoverished pragmatics? The semantics-pragmatics interface from an intercultural perspective. Intercultural Pragmatics, 16(5), 489–517.

14- Karthikeyan Stage: Proof Chapter No.: 28 Title Name: Haughetal Date:1/12/20 Time:09:10:32 Page Number: 595.

15-Liu, P. and You, X. Y. (2019). Metapragmatic comments in web-based intercultural peer evaluation. Intercultural Pragmatics, 16(1), 57–85.

16-Leech, G. (1983). Principles of Pragmatics. London and New York. Longman.

17-Levinson, S. C. (2003). Language and mind: Let's get the issues straight! InG. Dedre and S. Goldin-Meadow, eds., Language in Mind: Advances in theStudy of Language and Cognition. Cambridge, MA: MIT Press, pp. 25–46.

18-Mildorf, J. (2013). Reading fictional dialogue: Reflections on a cognitivepragmatic reception theory. Anglistik: International Journal of English Studies, 24(2), 105–16.

19-Macagno, F. and Capone, A. (2017). Presuppositions as cancellable inferences. In K. Allan, A. Capone and I. Kecskes, eds., Pragmemes and Theories ofLanguage Use. Cham, Switzerland: Spinger, pp. 45–68.

20-Macagno, F. (2018). A dialectical approach to presuppositions. Intercultural Pragmatics, 15(2), 291–313.

21-Sperber, D. and Wilson, D. (2004). Relevance: Communication and Cognition.2nd ed. London: Blackwell

22-Stalnaker, R. C. (2002). Common ground. Linguistics and Philosophy, 25,701–

23-Samovar, L. A., Porter, R. E., & Jain, N. C. (1981). Understanding intercultural communication. Belmont, CA: Wadsworth Publishing Company.

.